


هەردەوێڵ کاکەیی

# مەولەوی شاعیرێکی پایەبەرزی کوردە
## ١٨٠٠ - ١٨٨٢ ی ز



مەولەوی ناوی تەواوی (سەیید عەبدولڕەحیم کوڕی مەلا سەعید) ە، لە نەوەی مەلا یوسف جانییە کوڕی مەلا ئەبو بەکر (موسەننف) ی چۆڕییە کە ئەگەڕێتەوە سەر خواناسی بەناوبانگ (سەیید محەمەد زاهید) کە بە پیر خدری شاهۆ ناوبانگی دەرکردووە. لە ساڵی (١٨٠٠ ی ز) دا لە ئاوایی (سەرشاتە) لە دەڤەری (تاوەگۆزی) بەشی ئێراق لە خێزانێکی ئاین پەروەر هاتۆتە جیهان، هێشتا منداڵ بووە ماڵی باوکی گوێزاویانەتەوە بۆ ئاوایی (بیژاوە) لە نزیکی شارۆچکەی هەڵەبجەی شەهید لەوێ لای باوکی قورئانی خەتم کردووە، لە پاشاندا بەدوای خوێندن و زانیاریدا گەلێ شوێن و جێگای کردووە، لەوانە: پاوە، چوور، سنە، بانە، سلێمانی، هەڵەبجە، قەڵای جوانڕۆ و....

مـەولەوی نەمـر ئـەو کـەڵە شـاعـیـرە کـوردە بەناوبـانگە مـەزنـەیە کـە هەمـیـشـە **لە کـۆڕی ڕۆشنبـیـران و نێـو دیوەخـانەکـانـدا ناوی یاد دەکـرێ و زۆربەی هـەرە زۆری مـەقـامـبێـژانی شاری کەرکـووک و سـەرجـەم دەڤەری گـەرمیان شیعرەکانی لەگەڵ مەقامدا دەخوێنن** بەتایبەتی مـــەقـــامی ئەڵڵاوەیسـی، قـــەتار، خـــاوکــەر، خـــــورشـــــیـــــدی، ئـایی ئـایی، بەرهـەمـــە پرشنگدارەکانی کە بە شێوەزاری (گۆران) ە بوونەتە ویردی سـەرزمـانی هەموو ڕۆشـنبیر و ئەدەب دۆســتـێکی کـورد، چونکە مـــەولەوی مرۆڤێکی هەست ناسک و شاعیرێکی بە توانا و بلیمـەت و سـۆفی بووە، بەرهەمـەکـانی گەلێ بەرز و بە نـرخن بۆیە دەتوانین بڵـێین تا دنیـا دنیـایە و کـورد مـاوە شـیـعـرەکـانی بە لاوی و پرشنگداری دەمێننەوە و هەرگـیزاو هەرگـیز پیـری و کـەم هـێـزی بە خـۆوە نابیـنن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەلای خـوێنەرەوە تامـو چێـژیان زیاتـر دەبێ، جگە لـە کـوردی شـیـعـری بە فارسی و عەرەبیش وتووە.

شـاعـیرمـان لە سـاڵی (١٨٨٢ ی ز) کۆچی دوایی دەکـا و لە گـۆڕسـتـانی (ئەسـحـابە) لە نـزیکی دێی (ســـەرشـــــاتـە) بـە خـــــاک دەسپێردرێت.

ئەمـــەش شـــەش پارچە شـــیـــعـــرە لـە بەرهەمـەکـانـی کـە لە کـەشکۆڵێکی[١] کـۆندا تۆمـار کـراون و لەگـەڵ دیوانەکـەیدا[٢] هەندێ جودایيان تێدا دەبینرێ، بۆیە لە پاش بەراورد کردنیـان ئەوەمـان بە چاک زانی بە ئامـانەتەوە بڵاویـان بکەینـەوە، تا شـەیدایانی شـیـعـری مـــەولەوی لـە داهـاتـوودا کـــەڵکی لێ وەرگـــرن بەتـایبــــەتی ئەوانەی دەیـانەوێ لەســــەر بەرهەمەکانی توێژینەوە ئەنجام بدەن.

**ئازیز دیارەن**

**ئـازیـز دیـارەن، وادەی لـوامــــــــەن**
**ئەلوەدای ئاخـــــر ئەوەنامـــــامــــەن**
**دەوڵـەتـەکـــــــەی وەسـڵ یـا نـە زەواڵـەن**
**جـــاریۆتـەر دیدەن بـاڵات مـــــەحـــاڵـەن**
**ســا دڵـم وەشکەر بە ئیلتــیــفـــاتێ**
**بـدیـە وە لاوە، بـوینـۆت ســــــــاتێ**
**با بەیۆ وەشـــوەش شنۆی رازەکـــەت[٣]**
**گـــۆش دەرۆ لادێ مــــەینەت گـــازەکت**
**ئاخـــر ســــەفـــەرەن، ڕا خـــەیلێ دوورەن**
**مـــــەنزڵ بێ پـایان تـۆشـــــە زەروورەن**
**دینت تۆشـــەی چەم، مــەیلت تۆشـــەی دڵ**
**رازت تۆشــەی گـۆش، مـەنزڵ وە مـــەنزڵ**
**کێ زانـۆ چۆن بـۆ ئەی دنیــــــای بادی**
**با ببــــۆ نە بـەین گـــــەردن ئازادی**
**من شــــەوێ ناڵەم جــــۆش ئاوردە بۆ**
**ســەگی ئاســتـانەت[٤] بێـدار کـەردە بۆ**
**یا ناســـتـــە بۆ ســـەیل دیدەم نەفـــسێ**
**نەســـیم گــــەرد ڕات بـەرۆ پـەی کـــەسێ**
**جـەمـینت زەحـمـەت نیگام کێـشـا بۆ**
**کـەف پات وە خـار مـژەم[٥] ئێـشـا بۆ**

یا کەردە بۆ دڵ دێوانەی دڵ تەنگ
وەخت نیشانەی دڵان پەی خەدەنگ
پەل پەل پەی زەوق زامێ وە تیرت
ئازار دابۆ تای زوڵف زنجیرت
یاخۆ تۆ دابۆت وە دڵ مەزەی مەرگ
تیر[٦] خەدەنگت دابۆ نە تۆی جەرگ
یا مەڕدەبۆت دڵ دێوانەی دڵگیر
چە تیر ئەندازی کەردەبۆت تەقسیر
یا نەدابۆت تۆز گەرد بالاکەت
پەرێ سورمەی چەم سفتەی بالاکەت
تۆ بویەر جە من، من زوو ویەردم
هیممەت بۆ، ها ژار مەحروومیت وەردم
چەبگەرد پەی دووریت شانا مۆرەی[٧] نەرد
وە زاهیر (بانە)[٨] ش وە بەهانە کەرد
تا فەلەک پەیمان نە بەهانە بۆ
ئەر سەد بانە بۆ باز شوکرانە بۆ
ئەر فرسەتش دا پەی دڵ خەمینت
عومر[٩] دووبارەت جارێوتەر دینت
وەرناستش ئازیز! تۆ وە[١٠] سەلامەت
کەفتەن ئەو دیوان سەحرای قیامەت[١١]

***

قیبلەم نەونەمام
قیبلەم نەونەمام نەو توول ساوا
نامەت پەی خەرجی ماهانت یاوا[١٢]
ئەمرت دڵگیرەن فەرموودەت خاسەن
بێشک ماهەنی ماهانەت راسەن
بەڵام جە دووریت هۆشم رەم کەردەن
ئاگاهیم نییەن چەند رۆ ویەردەن
هەر ئێد مەزانۆن ئازیز گیان تۆ
نە دیەنم وە چەم هەڵای[١٣] مانگ[١٤] نۆ
شرین رایەتم حاسەی سەرکارم
بێ وادە زوڵمەن بدی ئازارم
هەرگا دیم هیلال ئەو ئەبرۆی سیۆەنگ
یە سیم ئەسرین، یە ئەشرەفی رەنگ

***

جیلوەی جەلای جام[١٥]
جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جەگەرد
فەرمات پەی تەسبیح[١٦] ها رەوانەم کەرد
پەرێ تۆ خاسەن هەر شام هە‌ر[١٧] سەحەر
هەر شومارەی[١٨] وەسڵ بالای دڵبەر کەر
نەک چون من وزوو وە هوناو وەستە[١٩]
خەم سیواک، نماز[٢٠] مەینەتان بەستە
نیشتەی گۆشەی تار نمازخانەی دەرد
روو نە پای میحراو هەناسان سەرد
وەی وزوو و نماو وەی سیواکەوە
نەی[٢١] گۆشەی میحراو مزگی پاکەوە
دانەی مەرجانی هەرس مەهجووری
هۆنیای تای دەرۆ[٢٢] رشتەکەی دووری
پەی شومارەی وەکز[٢٣] کزەی ئێش نێش
کافییەن دیدەم تەسبیحم پەی چێش؟

***

چون چیهرەی خەیاڵ
چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش
نەتۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵڕێش
نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان
کەم کەم نەگۆشەی لای سیاماڵان
زەمین مننەتبار پامنیاو مەویەرد
جار جار روو وە ناز باوەشێن مەکەرد[٢٤]
غەریو[٢٥] بیم چەنیم کەرەم نمانا
وەسەوقات پەرێم خەدەنگێ شانا
ئەرسەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم
خاس بی پەی یادگار خەدەنگێ بەردم.
***
بەرزان هیلال تار
بەرزان هیلال تار وە روان قەراردا
غوڕڕەی شارشۆر[٢٦] دڵان دیاردا
نەسیم وە بۆی چین چنوور رووی هەرد
سوب سەباحەلخەیر دەماخ دڵ کەرد
نە[٢٧] پرشەی شەونم[٢٨] نە تۆی پەردەوە
نەرگس مەس مەس چەم وەڵاو کەردەوە
سەوزە وەستەن فەرش ئەو چەمەن دەسدەس
گوڵان جام وە دەس بولبولان سەرمەس
مەنام[٢٩] مەکەردێ[٣٠] گرانەن دەردم
ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم
فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من
هەر سەوزەی مراد من نادیارەن

داد جە هەوای بەد[٣١]، بەد ستارەی من
هەر نەو گوڵاڵەی من نە پێوارەن
یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش جۆشێ
وەو[٣٢] سەدای ریشەی دڵ ئاشناوە
یا جۆش سەمتوور موتریب خرۆشێ
چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە
بەڵ سەوز بۆ تۆمەی[٣٣] ئارەزووەکەی دڵ
هەی[٣٤] چەمە دەخیل شەوێ شەونمێ
بەڵ روو بنمانۆ ئەو نازک نەوگوڵ
ئاه[٣٥] نەسیمێ وادەی سوب دەمێ
***
جەرگت لەتلەت بۆ
تکایە ناونیشانە با پیتی گەورەتر بێ
جەرگت لەتلەت بۆ چەواشەی چەپگەرد[٣٦]
خاڵۆت جیا کەرد، یە کار بی تۆ کەرد
دیدە وادەی سەیل هۆنەی[٣٧] هووناوەن
دڵە وادەی بەزم نۆشای زوخاوەن
وەش رەنگی بازەم سادەی بێ رەنگی
شادی با وەس بۆ وەختەن دڵ تەنگی
وەشی وادەت شی وەش ئامای وەخەیر
شەوقە وە تەوق بای تا کەی هەوای سەیر؟
مانیای مەینەت سەرەو[٣٨] کۆی ستەم
مەعدوومەی بەر کۆی سەرەو[٣٩] چێرەی خەم
چەن وەختەن دڵەت جە شادی کەیلەن
دەک لێلاویت بۆ یە وەفاو مەیلەن

**ئەو چەم وە سورمەی خەمناکی رەشتە**
**چەنی گەشت دەشت پای خەم[٤٠] سەر گەشتە[٤١]**
**ئەو سەبوون سفتەی پڕداخ پەی پەرداخ**
**تۆ بۆی شنۆی باد[٤٢] ئێلاخ[٤٣] نە دەماخ**
**ئەو تەشنەی رای چۆڵ سای گەردەن پڕ کەرد**
**تۆ سێراو[٤٤] نە پای وەفراوان سەرد**
**تۆ ئالوودەی بەزم جەرگەی هام دەردان**
**کەیفی مەی سوحبەت کەردێ هام فەردان[٤٥]**
**چێشەن ئارایش هەردەو کۆساران[٤٦]**
**مەر خاڵۆم وەعەزم سەیرتان ئامان**
**مەشەنیە چین چین چنوور نەکاوان**
**توخوا ماتەم بەر[٤٧] هاژەی وەفراوان**
**شنۆی وەرکاوان[٤٨] ئەو نەبۆ پەی چێش**
**هاژەی وفراوان ئەو نەبۆ پەی چێش**
**نەسیم وەس بویەر وە کۆسارانda**
**وەسەن شانای وەڵک وە دیاراندا**
**شنۆی ئەو بەرزە ئەو نەبۆ پەی چێش**
**لەرزەی سەد تەرزە ئەو نەبۆ پەی چێش**
**وە سەدای سەروەش[٤٩] دڵ وەش مەزاقان**
**هەنی نەلەرزۆ کەڵرەم نە تاقان[٥٠]**
**خاڵ خاسان پەی ئان هەر بار وەلێو بان**
**هێلانەی دڵان با هەر پەشێو بان**
**ئەوانە پەی دڵ ئەو نەبۆ پەی چێش**
**ئەولانە پەی دڵ ئەو نەبۆ پەی چێش**
**دەخیل های[٥١] دەخیل خاڵۆکەی گیانی**
**وێت نەی سەفەردا تەنیا[٥٢] نەزانی[٥٣]**
**گیان، دۆست[٥٤] گیانی رەفیق راتەن**
**سورمەی بینایيم[٥٥] تۆزەکەی پاتەن**
**هەی رۆ نەواچی خوا نە کەردە**
**خەم وەفاو بەینەت نە ویرم بەردە[٥٦]**
**بادەی بێ وادەی فەنام وەردە بۆ**
**شەرت بۆ کامین شەرت یاران کەردە بۆ**
**تا دڵ جە لەززەت دینت بەرکام[٥٧] بۆ**
**ئەو زەوقە تۆ دیت وەمن حەرام بۆ[٥٨]**

***

سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. ئەم کەشکۆڵە قەوارەکەی (١١ط٧سم)ە، بریتیە لە (١٤٤) لاپەڕە، هەر لاپەڕەی (٦) خشتی تێدا تۆمار کراوە، بە مەرکەبی ڕەش نووسراوە، (٦) پارچە شیعری مەولەوی و کۆمەڵێ بەرهەمی شاعیرانی گەرمیان و شیعری فارسی لە ئامێز گرتووە، مخابن سەرەتا و کۆتاییەکەی فەوتاوە و لەگەڵیدا نێوی بنووسەکەی و مێژووەکەشی نەماوە.
٢. دیوانی مەولەوی- مەلا عەبولکەریمی مودەڕڕیس- چاپخانەی نەجاح بەغدا/ ١٩٦١.
٣. ئەم نیو خشتە لە دیوانەکەیدا بەم جۆرە هاتووە: با بەیۆ شنۆی شیرین رازەکەت.
٤. ئاستانەت: دەرگات، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: ئاسانەت.
٥. مژە: برژانگ، لە دیوانەکەیدا نووسراوە (مووژە)، من پێم وایە یەکەمیان راستتربێ.
٦. تیر: لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: یشە.
٧. مۆرە: زار، لە بەیازەکەدا نووسراوە: موهرە.
٨. بانە: شارۆچکەیەکە لە کوردستانی رۆژهەلات.

٩. عومر: تەمەن، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: عومرێ.
١٠. وە: لە دیوانەکەیدا نووسراوە (بای) واتە: ببی.
١١. ئەم نیـو باڵە لە دیوانەکـەیدا بەم شێـوازە هاتووە: (دیدەن دیدار کـەوت ئەو قـیـامــەت)، بەم جـۆرە شــیــعــرەکــە لەنگ دەبێ، هـەروەها لە پەراوێزی دیوانەکـەدا ئاماژە کـراوە کە نیـو خـشـتـەکـە بەم جــۆرەش هاتووە: (کــەوتـەن ئەو دیوان ســـارای قیامەت).
١٢. ئەم خشتە لە دیوانەکەیدا بەم جۆرە هاتووە:
دیدەم نەونەمام نەوتوول ساوا
نامەت پەی خەرجی وە لامن یاوا
١٣. هەڵای: هێـشـتـا، لە دەسـتـخـەتەکەدا نـووسـراوە: هالای.
١٤. مانگ: لە دیوانەکەیدا نووسـراوە: (ماه) کە هەمان مانا دەبەخشێت.
١٥. جـارێکیـان شـێخ عوسـمـان سـەرڕاجـەدین تەویڵـە داوای تەزبیـحـێک لە مـەولەوی دەکا، ئـەویش ئەم شیعرەی بۆ دەنووسێ و لەگەڵ تەزبیحەکەدا بۆی دەنێرێ.
١٦. تەسبیح: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: تەزبیح.
١٧. هەر: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (تا).
١٨. شومارەی: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (ژمارەی).
١٩. وەســتــە: ســەندووە، لـە دیوانەکــەیدا نووســراوە: (ئەستە) کە هەمان واتا دەبەخشێت.
٢٠. نماز: نوێژ، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (نما) ی کە هەمان مانا دەبەخشێت.
٢١. نەی: لەی، لە دیوانـەکەیدا نووسـراوە: (جـە) ی کە هەمان واتای هەیە.
٢٢. دەرۆ: لە دیوانەکەیدا: (کرژ) هاتووە.
٢٣. وەکز: لە دیوانەکەیدا (زیکر) نووسراوە.
٢٤. لێرە بـە دواوە ئەم دوو خـشـتـە کە لە دیوانـەکـەیدا هەیە لە دەستنووسەکەدا تۆمار نەکراوە:
(باوەشێن مەکەرد ئەو سەفحەی بێگەرد
نازکێش جەباد ئیحتیات مەکەرد
(نەتۆی تاریکی تای شەدەی بێگەرد
لەتافەت چون ئاوحەیات مەوج مەوەرد
٢٥. غەریو: نامۆ، لە دیوانەکەیدا (غەریب) هاتووە.
٢٦. شار: لە دەستنووسەکەدا (شەهر) نووسراوە.
٢٧. نە: لە دیوانەکەیدا (جە) هاتووە.
٢٨. شەونم: لە بەیازەکەدا نووسراوە: (شەبنم).
٢٩. مـەنام: مـەنع، قـەدەخـە، لە دیوانەکـەیدا نووسـراوە: (مەنعم).
٣٠. مـەکەردێ: مـەکەن، لە دەسـتـخـەتەکەدا نووسـراوە: مـەکـەردین کـە واتای دەکـردین دەگـەیەنێ، ئەمـە هەڵەیە چونکە واتای شیعرەکە لێڵ دەکا.
٣١. بەد: خراپ، لە دیوانەکەیدا (شووم) نووسراوە.
٣٢. وەو: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (بەو).
٣٣. بۆ تۆمەی: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (ببۆتۆم).
٣٤. هەی: وشـەی سـەر سـوڕمانە، لە دیوانەکەی (هـای) هاتووە کە هەمان مەبەست دەبەخشێت.
٣٥. ئاه: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (دەمە).
٣٦. ئەم نیـوباڵە لە بـەیازەکـەدا بەم جـۆرە داڕێژراوە: (خۆ هوونیت نیم چەواشەی چەپگەرد).
٣٧. هۆنەی: لە دەستنووسەکەدا نووووسراوە: (هوون).
٣٨، ٣٩. ســەرەو: لـە دەسـتـخــەتەکــەدا نـووســراوە: (سەراو).
٤٠. خەم: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (رەشت).
٤١. لێرەوە لە بەیازەکـەی لای ئێـمـەدا ئەم دوو خـشـتـە تۆمار نەکراوە کە لە دیوانەکەیدا هەیە:
(هامراز ئاخ و داخ، ناڵە نەوای نەی
دڵ کەباب، چەم جام، خەم ساقی، هوون مەی
(تۆ ئالوودەی بەزم جەرگەی هام فەردان
کەیف مەی، سوحبەت گرۆی هام دەردان
٤٢. باد: لە دیوانەکــەیدا نووســراوە: : (بای) کــە بە

شێوەزاری کرمانجی خواروووە، بە فارسی (باد) و بە گۆران (وا) ی پێدەڵێن.
٤٣. ئێلاخ: هاوینەهەوار، لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: (لێلاخ).
٤٤. سێراو: لە هەمان بەیاز نووسراوە: (بەرئاو).
٤٥. لەجیاتی ئەم خشتە لە دیوانەکەیدا بەم جۆرە هاتووە:
(مەلان سەر بەرزان، کۆساران، هەردان
بێ شەرتان، جەداخ وەفاتان مەردان
٤٦. لەجیاتی ئەم نیو باڵەش لە دیوانەکەیدا نووسراوە:
(چێشەن ئارایش سەر تا وە دامان).
٤٧. بەر: بە، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (بە).
٤٨. شنۆی وەرکاوان: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (چنوور نەکاوان).
٤٩. سەروەش: بە دەنگی سەرمەست، لە دەستخەتەکەدا نووسراوە: (جە سەدای سەرخۆش).
٥٠. لە دوای ئەم خشتە لە دیوانەکەیدا ئەم خشتەش هەیە بەڵام لە بەیازەکەدا نییە:
(سەدای ماردومان ئەو نەبۆ پەی چێش
سەفای کەڵرەمان ئەو نەبۆ پەی چێش
٥١. های: لە دیوانەکەیدا (هەی) تۆمار کراوە.
٥٢. تەنیا: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (تەنها).
٥٣. لێرەوە ئەم خشتە لە بەیازەکەدا نییە:
مەرگ تۆم هەرچەند تەشریف بەردەنی
تەرک خەڵتەو خاک جەستەم کەردنی
٥٤. دۆست: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (دۆس).
٥٥. بینایم: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (بیناییش).
٥٦. ئەم نیو باڵە لە دەستخەتەکەدا بەم شێوازە هاتووە: (خەم وەفاو بەنێش بووەردە بەردە).
٥٧. بەرکام: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (ناکام).
٥٨. لێرە بە دواوە ئەم خشتانە لە بەیازەکەدا تۆمار نەکراوە:
(جەستەی خەستەی خار سەودایی خەجڵ
با بەس بۆ، تاکەی، ئەی دڵ وەشی دڵ
(چەپگەرد بێ فرسەت شانا مۆرەی نەرد
عومرێ بی ئاما، ویەرد گوزەر کەرد
(زەحمەتەن خەلاس جە دووری وەردە
بە هووناو بەیۆ عومر ویردە

***

**فەرهەنگۆک**

ئامان: هاتووە
ئالوودە: تێکەڵاو
ئەشرەفی: سککە زێرێکی بچووکە بۆ خشڵ بەکار دێ
ئەلوەدا: ماڵئاوایی
ئەوە نامامەن: نەگەڕانە دواوە
ئێد: ئەمە
ئیلتیفات: لالێکردنەوە
بابۆ: بابێ
باد: با
بازەم: لێمگەڕێ
بان: بن
با وەس بۆ: با بەس بێ
بدیە وەلاوە: بڕوانە بەلادا
بنمانۆ: بنوێنێ
بوینۆت: بتبینم
بویەر: تێپەڕە
بەرزان: شوێنە بەرزاییەکان
بەرکۆ: ئەوەی لە پێشەوە سوار ئەبێ
بەڵ: بەڵکو
بەهانە: بیانوو
بەیۆ: بێت
بێ ئان: هەمیشە
پا: پێ

پالا: پێڵاو
پەرێ: بۆ
پێوار: خاک
تا: تاڵ، تای شەوە، تاڵی پووشین
تار: شێوە
تۆشە: توێشوو
تەشنە: تینوو
جەلا: ڕووناکی
جیلوە: خۆ دەرخستن
چنوور: ڕووەکێکی بۆنخۆشی کوێستانییە
چەم: چاو
چەنی: لەگەڵ، لەتەک
چەنیم: لەگەڵم
چەواشە: سەر لێ شێواو
چیهرە: ڕوو
خار: دڕک، چقڵ
خەدەنگ: تیر
خەیلێ: زۆر
دابۆ: دابێ
دڵوەش مەزاقان: ئەوانەی لە ئاهەنگ و رابواردندان
دیاران: وڵاتان
دینت: دیتنت، بینینت
را: ڕێگە
ڕەشت: شارێکە دەکەوێتە ژوورووی ئێران، لەنزیک دەریای خەزەرەوەیە
ڕەشتە: ڕەشتوو
ڕەم: ڕاکردن
زەواڵ: لە ناوچوون
سا: سێبەر، سایک
ستارە: ئەستێرە
سفتە: سووتاو
سوب: بەیانی
سورمە: کل، کڵە
سەبوون: بای بەرەبەیانی فێنک لە هاویندا
سەرگەشتە: سەر لێ شێواو
سەرەو چێرە: سەرەو ژێر
سەرەو کۆ: سەرەو ژوورە
سەوزە: سەوزایی، وردەگیای دەشت
سێراو: تێراو
سێوەنگ: سێوەنگی، ڕەشی زۆر جوان و بروسکەدار
شانا: وەشاندی
شۆرە: زەوییەک لەدار بێ و بۆ کشتوکاڵ نەگونجێ
شووم: نەگبەت: بەدبەخت
شی: ڕۆیشت، تێپەڕبوو
فەرمات: فەرمووت
کامین: کام
کاوان: چیاکان
کەردەبۆ: کردبێ
کێ زانۆ: کێ دەزانێ
گوێ دەر: گوێ بدە
لارێ: تاوێ
لوامەت: ڕۆیشتمە
ماردم: ماردەم: جۆرە تفەنگێکی راوی کۆنە
مانیا: ماندوو
ماه: مانگ
مزگی: مزگەوت
ملان: سەرملەی چیا
مەر: مەگەر
مەرجان: بەردێکی بە نرخی ڕەنگ سوورە، بە زۆری بۆ تەزنی و ملوانکە بەکار دێ
مەردان: مەردم، خەڵکی
مەڕدەبۆت: شکاندبێتت
مەرگ تۆم: قەستەم بە مەرگت
مەشینە: شنەشن مەکە

مەنیا: دایدەنا
مەوج مەوەرد: شەپۆلی دەدا
میحراو: میحرابی مزگەوت، بەرنوێژ
ناستەبۆ: نەیهێشتبێ
نمانا: پیشاییدا
نۆشا: نۆشکردن
نەرد: یارییەکە لە شێوەی تاوڵە
نەسیم: شنەبای فێنکی بەرەبەیان
نەلەرزۆ: نەلەرزێ، نەترسێ
نەواچی: نەڵێی
نەوتوول: نەونەمام، نەمام
نێش: ئازار
وەڵگ: گەڵا
وەلوەلە: هەراو هوریا، دەنگە دەنگ
وە تەوق بای: بە تەوقەوە بی
وەرناستش: ئەگەر نەیهێشت
وەردە: خواردن
وەردە بۆ: خواردبێتیەوە
وەس: بەس
وەستەن: رایخستووە
وەسڵ: گەیشتن
وەش ئامای: خۆش هاتی
وەش ڕەنگی: ڕەنگی خۆش
وەشکەر: خۆشکە
وەشی: خۆشی
وەنەم: لێم
ویرم: بیرم
ویەردەن: تێپڕیوە
هۆنە: داڕژان
هەرگا: هەرجارەی
هەنی: ئیتر
هیلال: مانگی یەک شەوە
هێلانەی دڵان: مەبەست یارانی نازدارە.
یاوا: گەیشت
یە: ئەمە

